# بەندكراوانی سیاسی كورد بە مانگرتنی سەرتاسەری دەسەڵاتیان نیگەران كردوە

محەمەد ئیزەدی
Mohamad_izadi@yahoo.com

مانگرتنی هەمەگیر و سەرتاسەری بەندكراوانی كورد لە زیندانەكانی رۆژهەلاتی كوردستان و تاران هەفتەیەكی بە سەردا تێپەریو و رێژەی مانگرتوان بە پێی دواپین هەواڵەكان تادێ زیاتر دەبێت.

تۆری مافی مرۆڤی كوردستان وەك پشتیوانی گیراوانی كورد، باس لەوە دەكات كە تا هەنوكە نزیك بە 100 كەس لە رۆژنامەوانان،و چالاكانی سیاسی و مەدەنی كوردی بەندكراو لە بەندیخانەجیاوازەكانی شارەكانی تاران و ورمی و سنە و شارو شارۆچكەكانی رۆژهەلاتی كوردستان دەستیان داوەتە ئەم مانگرتنە و مانگرتنی ئەوان بێ سنور راگەیەندراوە.

بە پێی سەرچاوە ئاگادارەكان لە بنەماڵەی بەندیە مانگرتوەكان، پتر لە40 كەس لە بەندیخانەی ورمێ، 13 كەس لە بەندیخانەی ناوەندی سنە،8 كەس لە بەندیخانەی رەجایی شاری كەرەج، 4 كەس لە بەندیخانەی ئەوین و زیاتر لە15 كەس لە زیندانی مەهاباد و دیكەی شارەكانی كوردستان بەشداری ئەم مانگرتنەن.

بە پێی دواین راپۆرتەكان لە تۆری مافی مرۆڤی كورد ئەم "بەرخۆدانە سەرتاسەریە" حكومەتی روبەروی ترسێكی گەورە كردۆتەوە بە جۆریك پاش بڵاو بونەوەی هەواڵی ئەم مانگرتنە هەموو هێلەكانی ئەنتەرنێت براون و تەشویش خراوەتە سەر سەرجەم رادیۆ و تی ڤی كوردەكان و هەرەشە كراوە كە هەموو كافی نتەكانی شار و شارۆچكە كانی كوردستان بە داخراوی بمیننەوە.

ئەم مانگرتنە كە لە سەر لە بەیانی رۆژی دوشەممەی رابردووەوە دەستیپێكردوە لە لایەن كۆمەڵێكی زۆر لە پارت و رێكخراوە سیاسی و مەدەنیەكانەوە پشتیوانی لێكراوە كە دەتوانین ئاماژە بە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، كۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتكێشانی كوردستان، رێكخراوی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی رۆژهەڵاتی كوردستان، پارتی ئازادی كوردستان، كومەلەی زەحمەتكێشانی كوردستان ، حیزبی دیموكراتی كوردستان، پارتی ژیانی ئازادی كوردستان و هەژماریكی تر پارت و رێكخراو بكەین.

بەندكراوانی سیاسی لە یەكەم راگەیەندراوی خۆیاندا ئەم مانگرتنەیان وەك دژكردەوەیەك لە هەمبەر سزای گرتن و بریاری قورس سەپاندن بە سەر زیندانیان و چالاكانی كورد دا و هەورەها لە دژی هەڵسوكەوتی دەسەڵات و لایەنە پێوەندیدارەكان تەنانەت بە پێچەوانەی یاسا دادوەری و كاروباری زیندانیان كە لە ئێراندا هەیە و لە سەروی هەمویانەوە لە دژی بریاری لەداردانی 8 چالاكی مەدەنی پێناسە كردوە و داوكاریەكانیان بریتین لە:

-دانپێدانانی دەسەڵات بە شوناسی سیاسی و مەدەنی ئەم بەندكراوانە و بەرێوچوونی هەڵسوكەوتی مرۆڤانە و دادپەروەرانە لەگەڵ بەندكراواندا.

-پێداچوونەوە بە لەسێدارەدانی بەكۆمەڵی زیندانیان و راگرتنی بریاری لەداردانی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و مەدەنی

-كۆتاییهێنان بە ئەشكەنجە و كردەوەی دژی ئینسانی لە گەڵ زیندانیاندا

-كۆتایی هێنان بە سیاسەتی هەڵاواردن لە نێوان زیندانیانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها لە دژی دورخستنەوە و هەلومەرجی نالەباری زیندان

-سەرجەم زیندانە كانی ئێران بە بێ هیچ مەرجێك بخرینە ژێر چاودێری رێكخراوەكانی مافی مرۆڤی ناوخۆیی و دەرەكی

-ریفورم لە دەزگای دادوەری كۆماری ئیسلامی ئێراندا بۆ ئاوا بوونی سیستەمێكی دادپەروەر و بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بكرێت.

پێشتریش کۆمەڵێك لە بەندكراوانی سیاسی كورد لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە بە نوسینی نامەیەك بۆ سەرۆكی دادوەری ئێران كە لە راگەیەندراوەكانیشدا بڵاو بویەوە بە توندی رەخنەیان لە سیستەمی دادوەری و هەلسوكەوتی خراپ لە گەڵ بەندكراوانی كوردا دا گرتبوە.

شایانی باسە گوشار بۆ سەر چالاكان و رۆژنامەنوسان لە ئێران بە گشتی و لە كوردستان بە تایبەتی پەرەیەكی بێ وێنەی سەندوە و لە حاڵی حازردا هەژمارێكی زۆر لە چالاكانی كورد لە بوارەكانی خۆیندكاری، رۆژنامەوانی، مەدەنی و مافی ژنان دەستبەسەرن و سزای قورسیان بە سەرداسەپاوە.

قورسترین سزا واتە سزای لەداردانیش بۆ 8 چالاكی كورد بە ناوەكانی " عەدنان حەسەنپور" رۆژنامەوان، ‘’هیوا بوتیمار" چالاكی مەدەنی و رۆژنامەوان، "فەرزاد كەمانگەر" مامۆستای قوتابخانە و چالاكی مافی مرۆڤ، "فەرهاد وەكیلی" و "عەلی حەیدەریان" چالاكانی مەدەنی، "ئەنوەر حسەین پەناهی" مامۆستای قوتابخانە و ئەرسەلان ئەولیایی چالاكی مەدەنی و حەبیبوڵا لەتیفی چالاكی خۆیندكاری سەپاوە.

شایانی باسە ئەم مانگرتنە هاوكاتە لەگەڵ بیستەمین ساڵوەگەری كوشتاری بە كۆمەڵی زیندانیانی سیاسی زیندانی ئەوین لە ساڵی 1367ی هەتاویدا كە ئامارەكان لەمبارەیوە باس لە كوشتنی بە كۆمەڵی 4000 بۆ 30000 كەس دەكەن و رێژەی تەواوی قوربانیانی ئەم كۆمەڵكوژیە تا ئێستا نەزانراوە.

لە لایەكیترەوە بنەماڵەی گیراوانی سیاسی و مەدەنی بە دەركردنی بەیاننامەیەك پشتیوانیان لە مانگرتنی رۆڵەكانیان كردوە.

لەم بەیاننامەیەدا كە لە ژێر ناونیشانی " بە یاننامەی ئاشتیخۆازانەی بنەماڵەی بەندكراوانی سیاسی كورد" بڵاو بۆتەوە هاتووە كە پێمان وابوو ئەم مانگرتنە كاریگەری لە سەر دەزگای دادوەری و لایەنە پێوەندیدارەكان دەبێت و وەڵامی ئەرێنی بە خواست و داوای رەوای بەندكراوان دەدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم یەكە نەبینراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە رێژەی مانگرتوان رولەزیادبوون بێت.

هەروەها بنەماڵەی بەندكراوانی مانگرتوو لە زیندانەكانی ئێران و رۆژهەڵاتی كوردستان وێرای نیگەرانی لە رەوشی رۆڵەكانیان خوازیاری ئازادی ئەوانن و رادەگەینن كە مافی رەوای ئەوانە كە پشتیوانی لەم مانگرتنەی گیراوانیان بكەن.

بنەماڵەی گیراوان ئەوەشیان راگەیاند: رۆژی دوشەممە كە هاوكاتە لەگەڵ رۆژی جیهانی ئاشتی كاتژمێر 11ی سەرلەبەیانی لەبەردەم دادگای شۆرشی ئێران لە شاری سنە كۆ دەبنەوە و داوكاریی هاوبەشی خۆیان لەمەر پشتیوانی لە گیراوانیان تەسلیمی سەردۆزگەری سنە دەكەن.

بنە ماڵەی زیندانیانی سیاسی هەر لەو بەیاننامەیەدا داوا لە هەموو چین و تۆیژەكان ( مامۆستایان، رۆژنامەنوسان، خۆیندكاران و ...دەكەن كە بۆ پشتیوانی لە بەندكراوانی سیاسی بەشداری كۆبونەوەی ئاشتیانە و جەماوەری ئەوان ببن.

جگە لەمەش بریاروایە رۆژی شەممە 8/30 خەڵكی شاری مهاباد بە داخستنی دوكان و بازار و نەهاتنە دەرەوە لە ماڵەكانیان پشتیوانی خۆیان لە مانگرتنی گیراوانی سیاسی دوپات بكەنەوە.